بۆ برای بەڕێزم مامۆستا حەمەسەعیدحەسەن

سلاو و خۆشەویستی

وەلامەکەت گەیشت، دەست خۆش و سوپاس، لە مڕۆوە تا ٣/٢٥ ماوە هەیە ئەگەر ویستت و بوارت هەبوو شتێك لەبارەی شانۆوە بنووسی، چونکە ژمارەی تایبەت بەشانۆ ٢٠٠٢/٤/٥ دادەبەزێ.

ئەگەر تێبینیت کردبێ تا ئێستا مافی ئەوەم بە خۆم نەداوە وەك هاوڕێیەك بتدوێنم، بەڵکو هەر وتوومە بەڕێز، یان مامۆستا، بۆیە حەزدەکەم و داوام ئەوەیە ئەگەر قبوڵتە ببین بە هاوڕێ، واتە بەدەر لە ئیشوکاری گۆڤاری ڕامان هەر پەیوەندیمان هەبێ و وەك دوو هاوڕێ هەستمان بۆ یەکتر بگۆڕینەوە. لێت ناشارمەوە ئەگەر ئێستا لە بەرامبەرم دانیشتبای لە وانەیە شەرمم کردبا بەو شێوەیە قسەم کردبا ! لەوانەشە لە خۆت بپرسی ئەم کوڕە چی لێم دەوێ، بۆ ئەوەندە موجامەلەم دەکا.

با بە ڕاشکاوی پێت بڵێم: من کوڕێکم تەمەنم وا خەریکە دەبێتە (٣٢) ساڵ، خەڵکی هەولێرم کۆلێژی زانیاری بەشی کیما-م تەواو کردووە، ساڵی (١٩٩٣-١٩٩٤) لە زانکۆی سەلاحەدین. کەم تا زۆر خەریکی خوێندنەوەم هیچ هەوڵی نووسینم نەبووە، وابزانم ناشمبێ، چونکە بەڕاستی هەممی نووسینم نییە. بەپێی تێگەیشتن و بۆ چوونی خۆم و موتابەعەم بۆ زۆربەی نووسەرانی کورد تا ئێستا کەسێکم نەدیوە وەك جەنابت داکۆکی لە (منی ماف خوراو ) بکات. زۆر بەداخەوە نووسەرێکی کورد نییە بە ڕەش بڵێ ڕەش و بە سپی بڵێ سپی. ئەمە لە کاتێکدا کە ولاتی ئێمە پڕاوپڕە لە خەڵکی هەلپەرست و مشەخۆر چ جای ئەوانەی کە یەك زەرە لەگەڵ بۆپێشەوە چوونی کۆمەڵگەکەماندا نین. ئەوەی لێرە سەرنجی من ڕادەکێشێ تەنیا یەك شتە. زۆریش حەزدەکەم وەلامەکەی بزانم. نازانم بۆ لە ولاتی من لەوانەی پێیان دەڵێن ڕۆشنبیر فێر نەبوونە بە دیاردە درێوەکان بڵێن (نا) باوەڕت هەبێ ئەم وشەیە لە فەرهەنگی ئەواندا نییە. (ئایا دەبێ ئەم وشەیە لە زمانی کوردی وجوودی نەبێ و وەك دەخیلێك یان مۆدەیەك هاتبێتە نێو زمانەکەمانەوە؟) ئەمە لەکاتێکدا ئەم وشەیە بەردەوام لەسەر زاریانە بۆ کەبت کردن و وێرانکردنی ئەو زاتانەی کە حەزو ئارەزوویان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دێتەوە.

جا لێرە کە (حەمەسەعید) ێك دێ و پڕ بە گەرووی هاوار دەکا (نا) بۆ هەموو کارە درێوەکانتان، تا دەستم قەڵەم بگرێ ڕیسواتان دەکەم و لە هەقی خەڵکی ولاتەکەم خۆش نابم، بێ گومان ئەمە جێگای ڕێزەو دەبێ من و خەڵکانی دیکەی وەکوو من پشگیریت بکەن و بەچاوی ڕێزەوە لێت بڕوانن. چونکە قەڵەمەکەی جەنابت بەڕاستی حیسابی بۆ دەکرێ و ڕۆژانە بە دەیان لێپرساو دەتۆقێنێ، بەلام لەبەرابەر ئەواندا دڵی سەدان کەس بۆ لای خۆت ڕادەکێشی، ( کەچی بەپێچەوانەی ئەوە دەتوانی تەنیا بەموجامەلەیەك لە کوردستان ببیە خاوەن باشترین ئۆتۆمۆبیل و جوانترین خانوو و زۆرترین پارە). جا کە تۆ وایت بۆیە حەزم کرد دەستی هاوڕێیەتیت بۆ درێژ بکەم. دڵنیاش بە ئەوە هەر تەنیا ڕای من نییە، بەلام جیاوازی من لەگەڵ خەڵکی دیکە ئەوەیە، لەوانەیە من بەهۆی ئینتەرنێتەوە دەرفەتێکم بۆ دروست بووبێ و توانیمە دەنگم بگەیەنمە جەنابت، بەلام خەڵکی دیکە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕێك نەکەوتووە، بۆیە ماوەم بدە خۆشەویستی ئەوانیشت پێ ڕابگەیەنم.

خۆزگە چەندان حەمەسەعید- مان دەبوو.

دووبارە ڕێز و خۆشەویستیم قبوول بکە.

سەرکەوت وەلی

٢٠٠٢/٢/١٤